# چەمکی حیزب و چین....ئەرکەکانی چەپ

**ئازاد ئارمان**
azadarman@hotmail.com

**بەشی دووەم**

# چەمکی حیزب و چین لە ڕوانگەی ستالینیزم و ماویزم

لە بەشی یەکەمی باسەکەم دا دەست نیشانی ئەوەم کرد کە مەسەلەی حیزب و چین یەکێکە لە مەسەلە ئالۆزەکانی ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی. هەروەها چەند خالێکیشم دەست نیشان کرد سەبارەت بە تێز و بۆچوونەکانی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەبارەت بە پەیوەندی حیزب و چین و کار و پراکتیکی ئەوان لە 13 سالی رابردوودا. لەم بەشەدا هەول دەدەم هەلوێست و تێروانینی چەپەکانی کوردستان بە گشتی لە پەیوەند بە مەسەلەی حیزب و چین دا هەلسەنگاندنێکی کورت بکەم.

ئەگەر بمانەوێ بگەرێینەوە بۆ بنەچەی پێکهاتن و بنج داکوتانی بیرو سونەتی خراپ و زیان باری بیروکراسی و دیکتاتۆری حیزبی لە کوردستان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست . ئەوە بە دەرەجەی یەکەم دەورو کارکردنی بلۆکی سۆسیالیستی لە یەکێتی سۆڤیەت بوو، کە بە ستالینیزم ناوبانگی دەرکردووە. هەروەها بە دەرەجەی دووهەم ماویزم. نەک هەر کاریگەری زۆر خراپی یان هەبوو و هەیە لە سەر چەپەکان بەلکو لە سەر خودی ئەحزابی راستیش هەمان کاریگەری داناوە. بە دەلیلی ئەوەی زۆر بەی زۆری ئەحزابەکان بە ڕاست و چەپی یەوە لە ژێر کاریگەری ستالینیزم و ماویزم دروست بوون و درێژەیان بە کارکردن داوە. لەدەسەلات و ئۆپۆزیسیۆن دا. هێنانەوەی چەند نموونەیەک باسەکەمان تۆکمەتر دەکات. لە عێراقدا : حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی بەعس پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان،کۆمەلەی ڕەنجدەران ...هتد . هەروەها لە لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا تەواوی ئەحزابە شیوعی یەکان ، ناسری یەکان، ناسیونالیستەکان ...هتد .ئەمانەی سەرەوە هەموویان لە ژێر دەورو کارکردنی ستالینیزم و ماویزم دا بوونە.ئەم دوو رەوتە گەورەترین زیانیان بە بە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم گەیاندووە لە مێژووی نزیک بە سەد سالی رابردوودا. بەڵام ئەمرۆ مێژووی رەوتی ستالینی و ماوی یەکان لە ئاوابوونە. هەتا خودی نوێنەرەکانیان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە ئاشکرا خۆیان ناکەن بە خاوەنی ئەم رەوتەو ئێستا لای زۆربەیان شەرە لە سەر بوون بە ئەندام لە سۆسیال دیموکرات (ئەنتەرناسیونال سۆسیالیست ) بە کاک عەبدوڵای موهتەدی شەوە.

حیزبی شیوعی کوردستان، کە لە منداڵدانی رێکخراوی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق دا لە دایک بوو وە. کە کۆنترین پارتی چەپە لە کوردستان. ئەگەر تەنها ئاورێک لە مێژووی رابردووی 16 ساڵەیان بدەینەوە. جیاواز لە سەیر کردنی بەرنامە و رێبازی سیاسی یان .تەنیا ئەگەر سەیرکردنی کارو پراکتیکی یان بکەین پێم وانی یە تاکە نارەزایەتی یەکیان راپەرایەتی یاخوو رێنمایی کردبێت چی نارەزایەتی کرێکاران بێت یان جەماوەری بە گشتی .بەڵکو بەشێک بوون لە دەسەڵات، چی لە سەر دەمانی بەرەی کوردستانی یان لە ژێر دەسەڵاتی پارلەمانی یەکێتی و پارتی. دەستە خۆشکەکەشیان لە ناوەراست و جنوبی عێراق لەمان باشتریان نەکردووە .هەموومان دەزانین بەشێک بوون لە پرۆژەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بۆ داگیر کردنی عێراق. بە کورتی ئەم رەوتە نە نوێنەرایەتی گرایشی کرێکارانی سۆسیالیست یان کردووە نە نوێنەرایەتی چینی کرێکاران ، بە تەواوەتی دوورن لە کێشەکانی ئەم چینە.

# تێزو مۆدەی حیزبی کوردستانی

دوا بە دوای جەنگی کەنداوی یەکەم و کۆرەوی کۆمەڵانی خەڵک و ئازاد بوونی بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستان. دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی کڵاو شینەکان (نەتەوە یەکگرتووەکان) و کڵاو سەوزەکان (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا )توانیویەتی دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ دامەزرێنی و دەسەڵاتداری بکات لەم بەشە لە کوردستانی باشور.

لەم پرۆسەیەدا لە ساڵی 1991 بۆ 2007 دا ئەم ئالوگۆرەی لە کوردستان دا رووی داوە لە رووی بیرو بۆچوونەوە کاریگەری نەگەتیڤی داناوە لە سەر بەشێک لە چەپەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە تایبەتیش کوردستانی عێراق (باشور) و کوردستانی ئێران (رۆژهەڵات). لە نزیکەوە ئاگاداری چەپەکانی کوردستانی تورکیا (باکوور) و کوردستانی سوریا (رۆژئاوا) نیم.

لەم مەسەلەیەدا چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و جیهانی دەووریان بینیوە لەوانە : کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، کە بوو وە هۆی پارچە پارچە بوونی ڕووسیا و یوکوسلاڤیا و سەرهەلدانەوەی مەیلی ناسیونالیستی لە ئاستێکی بەر فراواندا لە جیهان. هەروەها دەورو کارکردی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست و لە جەنگی کەنداوی یەکەمەوە، کە بووە هۆی بە دەسەلات گەیشتنی بۆرژوازی کورد لە کوردستانی عێراقدا.ئەم هۆکارانە وایان کردووە بەشێک لە چەپەکان وەرچەرخێن بەرەو راستڕەوی، نەک هەر بەرهەلستکاری یان نیشان نەدا لە بەرامبەر بە هێرش و پەلامارەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەفگانستان و عێراق و (ئێستاس مەسەلەی ئێران) .بەلکو یان بەخێرهاتن یان لێکردن یاخود خۆشیان بوون بە بەشێک لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی ئەمریکا. ئێستاش بۆ بردنە پێشەوەی ئەم ئامانجانەیان تێزو مۆدەی حیزبی کوردستانی یان کردۆتە پرۆژەی داهاتوویان.

سەرەتا پێناسەیەک پێویستە لە سەر ئەم مەسەلەیە. ئایا بەلای سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکان پێکهێنانی حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست لە کوردستان. تاوانە، پێشل کردنی پرەنسیپی سۆسیالیستی یە، پێچەوانەی تێروانینی مارکسیزمە، ڕێگا و ڕێبازێکی ناسیونالیستی یە، لە ڕوانگەی سۆسیالیستە شۆڕشگێرەکانەوە وەلامەکە نەخێرە.و مافێکی ڕەوای سۆسیالیستەکانی کوردستانە ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن و لە پێناوی دا شێلگیرانە تێبکۆشن. بەلام ئەوەی ڕووی داوە و جێگای قسە و باسە لە ناو ئەم جۆرە چەپانە، بە بۆچوونی من دوو هۆکاری سەرەکی هەیە ئەم تێزانەی لەم دەورەیەدا بە وجود هێناوە: <u>یەکەم مەیلی ناسیونالیستی لە ناو ئەم جۆرە چەپانە</u>. کە لە سەرەوە دەستنیشانمان کرد. دووهەم: <u>شکستی یان لە سەر ئاستی سەرانسەری یە وە</u>. نموونەی ئەم ڕەوتانە: جودابوونەوەکانی ناو ڕیزەکانی حیزبی شیوعی عێراقی لە سالی 1991 – 2007، دروست کردنی سازمانی زەحمەتکێشان لە کوردستانی ئێران لە بەرامبەر سازمانی کوردستانی -حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەلە، هەروەها دەرکەوتنی مەیلی تر لە ناو کۆمەلە دا، گۆرینی ڕێکخراوی کوردستانی – حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ.(ح .ک. ک .ک) لە ناو هەموویاندا دەتوانین ڕەگی ناسیونالیستی و محەلی گەرایی هەست پێ بکەین، لە ناو بەشێکیان دا زۆر بە توندی، لە ناو ئەوانی تردا کال تر دەبینرێت. کە پێم وایە ئەم تەرزە لە بیرکردنەوە نەخزمەت بە مەسەلەی کورد دەکات نە بە ڕێبازی سۆسیالیزم.

لێرەدا کۆتایی بە بەشی دووهەم دێنم هەولدەدەم وتارێکی سەربەخۆ بنووسم لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی و سۆسیالیزم لە کوردستان، لە ڕوانگەی (سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانە)وە.